# The importance of writing history in Newroz publication (1998-2001)

Sirwan Mahmood Rasheed[1], Mohammed Kareem Saeed[2]
[1]Accounting Department, Soran Technical College, Erbil Polytechnic
[2]University Department of media, college of Arts, Salahaddin University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.14*
*Published: 23/12/2024*

## *Abstract*

*Since the Nawroz Bulletin has all the characteristics of publications in the field of journalism, researching the level and importance of this bulletin, which was issued during the years (1998-2001) in Rwandz district, will help in writing the history of the region's press and writing down the reality of that period of the lives of the residents of Rwandz. In this context, in addition to presenting a brief history of the press in Rwandz, the history of Nawroz Bulletin, the form and content of the bulletin, and articles related to the events of the region and the Kurdish celebrities who played a role at various levels.*
*An attempt was also done to assess the degree of attention given by the Bulletin to the Kurdish history and the region.*
***Keywords:*** *Writing, History, Newroz Publication.*

# بایەخی نووسینی مێژوو لە بڵاوکراوەی نەورۆز(1998-2001)

محەمەد کەریم سەعید
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین
mehemedkerim@gmail.com

سیروان مەحمود ڕەشید
کۆلێژی تەکنیکی سۆران
زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
Sirwan.Mahmood@epu.edu.iq

**پوختە**

بڵاوکراوەی نەورۆز خاوەنی هەموو تایبەتمەندییەکانی هەر بڵاوکراوەیەکی ناوەندی بواری ڕۆژنامەوانی بووە، بۆیە لێکۆڵینەوە لە ئاست و بایەخی بڵاوکراوەکە، کە لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٨-٢٠٠١) لە قەزای ڕواندز دەرچووە، هاوکار دەبێت لە نووسینی مێژوو و مێژووی ڕۆژنامەگەریی ناوچەکە و تۆمارکردنی واقیعی ئەو قۆناغە لە ژیانی دانیشتوانی دەڤەرەکە.

لەو سۆنگەیەوە، وێڕای خستنەڕووی کورتەیەک لە بارەی مێژووی ڕۆژنامەگەری لە ڕواندز، تیشک خراوەتە سەر مێژووی دەرچوونی بڵاوکراوەی نەورۆز و ڕوخسار و ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکە و ئەو بابەتانەی تایبەتن بە ڕووداوەکانی ناوچەکە و ناودارانی کورد، کە لە ئاست و پێگەی جیاواز ڕۆڵیان بینیووە.

هەروەها هەوڵدراوە هەڵسەنگاندن بۆ ڕاددەی بایەخدانی بڵاوکراوەکە بە مێژووی کورد و ناوچەکە، لە دووتوێی لاپەڕەکانییدا بکرێت.

**کلیلە وشەکان:**

نووسین، مێژوو، بڵاوکراوەی نەورۆز

# بایەخی نووسینی مێژوو لە بڵاوکراوەی نەورۆز(2001-1998)

## پێشەکی

ڕۆژنامەوانی هەر لە ڕۆژگاری دەرکەوتنی، بە هۆی ڕۆڵی لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و نووسینی واقیعی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری، ئابووری و جمووجۆڵی مرۆڤ بە هەردوو دیوی ئەرێنی و نەرێنی، بایەخێکی زۆری لە مێژوودا پەیداکردووە. لەو ناوەندەشدا ڕۆژنامە و بڵاوکراوە کاغەزییەکان، لە بازنەی تۆمارکردنی مێژووی دەوڵەمەندی مرۆڤایەتی بەدەرنین، بە تایبەت لە سەردەمی گەشەی ڕۆژنامەی کەغەز، کە یەکێک بووە لە ئامرازە هەرە لەپێش و گرنگەکانی ڕاگەیاندن.

لەو ڕوانگەیەوە، پێویست ناکات بەڵگەی پەیوەندی توندوتۆڵ و نزیکی جەماوەر و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان لە مێژووی نزیکدا، بە نموونە بێنینەوە. بە تایبەت لە کۆمەڵگەیەکی تاڕادەیەک دابڕاو و پڕ لە کێشە و ململانێی وەک کۆمەڵگەی کوردستان، کە تا ئەم دواییە ڕۆژنامەوانی کاغەز، بێ ڕۆڵ و کاریگەری نەبووە.

بۆیە ئەگەر هەرێمی کوردستان وەربگرین، نەک تەنیا لە شارە سەرەکییەکانی وەک هەولێر و سلێمانی و دهۆک، بەڵکو لە شارۆچکە و ناوچە دوورە دەستەکانیش، چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە لە سەر دەستی خوێندەوار و دەستەبژێری ئەو ناوچانە ڕووناکییان بینیووە.

یەکێک لەو ناوچانە دەڤەری ڕواندزە، کە هەر لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات بەدەرنەبووە لە بزاڤ و چالاکی ڕۆژنامەوانی. بە تایبەت لە ساڵانی دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ ئەو بزاڤە خورتتر بووە. یەکێک لەو بڵاوکراوانەش نەورۆزە، کە بەهۆی نووسینەوەی واقیعی سەردمی دەرچوونی، بایەخی مێژوویی و میدیایی خۆی هەیە.

**تەوەری یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە**

**١. هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە**

لەبەر ئەوەی توێژەران زیاتر کاریان لە سەر ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە دیار و ناسراوەکان کردووە و تا ڕادەیەکی زۆر هەوڵە ڕۆژنامەوانییەکانی شارۆچکە و دەڤەرە جیاوازەکانی دەرەوەی شارە سەرەکییەکان فەرامۆشکراون، یان وەک پێویست کاریان لەسەر نەکراوە، لەو ڕوانگەیەوە و بە مەبەستی دەرخستنی لایەکی شاراوەی ئەو بڵاوکراوەیە و پێویستی نووسینەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی ناوچەکە بە شێوەیەکی ئەکادیمی، هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانە بە پێویست زانرا.

**٢. کێشەی توێژینەوەکە**

کێشەی ئەو توێژینەوەیە خۆی لە فەرامۆشکردنی ڕۆڵی میدیای لۆکاڵی لە تۆماری مێژوویی دەبینێتەوە، دەرنەخستنی هەنگاوەکانی ئەو بڵاوکراوە ناوچەیانەی، کە زۆرێک لاپەڕەکانی بۆ بابەتی مێژوویی تەرخانکردووە.

**٣. پرسیارەکانی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە بە مەبەستی گەیشتن بە زانینی ئاستی بایەخی نووسینەوەی مێژوو لە دووتوێی بڵاوکراوەی نەورۆز، بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێت:

١) ئایا بڵاوکراوەی نەورۆز، تا چ ڕادەیەک گرنگی بە بابەتی مێژوویی داوە؟

٢) ئایا بڵاوکراوەی نەورۆز، ڕۆڵی بینیووە لە تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکانی قۆناغی پێش دەرچوونی و ساڵانی دەرچوونی؟

**٤. گرنگی توێژینەوەکە**

نووسینەوەی مێژووی هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک (بیستراو، بینراو، نوسراو)، بایەخێکی زۆری بۆ نووسینەوەی تەواوی مێژووی ڕۆژنامەوانی هەیە، بە تایبەت ئەو هەوڵ و پرۆژە ڕۆژنامەوانییە سادە و سەرەتاییانەی، کە وەک پێویست نەناسراون و ڕۆڵ و بایەخیان بە

نادیاری ماوەتەوە. ئەم توێژینەوەیەش دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ توێژەران و خوێندکارانی بواری مێژوو و ڕۆژنامەوانی کوردی.

لەو ڕوانگەیەوە، توێژەران لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا، لە بایەخی نووسینەوەی مێژوو، لە دووتوێی لاپەڕەکانی بڵاوکراوەی نەورۆز دەکۆڵنەوە.

### ٥. ئامانجی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەو ئامانجانەی خوارەوە کاردەکات:

١) گەیشتن بە ئاست و ڕادەی کارکردنی بڵاوکراوەی نەورۆز لەسەر مێژووی کورد و ناوچەکە.

٢) گەیشتن بە ئاستی ڕۆڵبینینی بڵاوکراوەی نەورۆز لە تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکانی قۆناغی پێش دەرچوونی و ساڵانی دەرچوونی.

### ٦. جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی مێژوویی وەسفییە. بۆیە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی ڕاست و دروست، پشتی بە ڕێبازی ڕاگواستنی مێژوویی و شیکردنەوەی خشتە بەستووە.

### ٧. کۆمەڵی توێژینەوەکە

کۆمەڵی توێژینەوە خۆی لە کۆی ژمارەکانی بڵاوکراوەی نەورۆز دەبینێتەوە، کە بریتین لە ٢٨ ژمارە.

### ٨. سامپڵی توێژینەوەکە

نموونەی توێژینەوەکە تەواوی بابەتە مێژووییەکانی نێو سەرجەم ژمارەکانی بڵاوکراوەکە دەگرێتەوە.

### ٩. ئامرازەکانی توێژینەوەکە

**یەکەم: فۆڕمی شیکاری:**

توێژینەوەکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی پرسـیارەکانی توێژینەوەکە و شـیکردنەوەی داتاکان فۆڕمی شیکاری بەکاردەهێنێت.

**دووەم: چاوپێکەوتن:**

ئامرازێکی گرنگی کۆکردنەوەی زانیارییە، بە مەبەستی دەرخستنی ڕاستییەکان و ئاشنابوون بە دید و ڕوانینی ستافی نووسینی بڵاوکراوەکە بۆ ڕووداوەکان و ئاستی گرنگیدانیان بە مێژووی کورد بە گشتی و مێژووی ناوچەکە بە تایبەتی.

**١٠. دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان**

**یەکەم: نووسین:**

سیستەمێکە لە نیشانەی هێڵکاری، کە بۆ مەبەستی دەرخستنی یەکەکانی زمانێکی دیاریکراو کاردەکات، بەو مانایەی کە ڕێسایەکە بۆ دەرخستنی نیشانە و ئاماژەکان بەکاردەهێنرێت، لەسەر بنەمایی ڕێسا و یاسای زمانی دەڕوات (Besserat, Erard, 2010: 7). پێویستی نووسین لە دێرزەمانەوە بەدیارکەوتووە. کاتێک سەرکردەی هۆزێکی سەرەتایی بایەخی کۆگاکردنی ڕێژەیەکی زۆر خۆراک دەبینێت، لەگەڵ پێداویستی کار و ژمارەی ئاژەڵ و چەکدارەکانی، نووسین سەریهەڵداوە، چونکە بۆی قورس دەبێت تەواوی ئەو زانیاریانە ئەزبەر بکات (فردریش، ٢٠٠٤: ٣٦).

بە پێی ئەو بەڵگانەی کە بۆ سەرەتاکانی پەیدابوونی نووسین ئاماژەیان پێکراوە، سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی نێوان دووڕووبار (میزۆپۆتامیا) و لە دەورووبەری ٣٢٠٠ (پ.ز) میللەتانی ئەو ناوچەیە بۆ مەبەستی ئابووری کەڵکیان لێ وەرگرتووە (Besserat, Erard, 2010: 8) بەڵام ئەوەی بۆ ئێستا گرنگە، نووسین هۆکارێکە بۆ گەیاندن و تۆمارکردنی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو.

**دووەم: مێژوو:**

لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان پشت بە ڕێسایەک دەبەسترێت، ئەویش (باسکردنە لە ڕابردوو بۆ ئەوەی لە ئێستا تێبگەین و پلان بۆ داهاتوو دابنێین)، بۆ گەیشتن بەو ڕێسایەش زۆرجار هەمان ئەو پرسیارانەی، کە ڕۆژنامەنووسێک بە مەبەستی گەیشتن بە زانیارییەکان وەکو (چی؟ کەی؟ لەکوێ؟ بۆچی؟ چۆن؟ لەبەرچی؟) دەکەینەوە، بەڵام ئەمە کاری سەرەکی مێژوو نییە، ئەگەرچی وەڵامیشن بۆ دەستخستنی ڕووداوی مێژوویی، بەڵکو ئامانجی سەرەکی بۆ گەیشتن بە ڕێسای سەرەوە پرسیارکردنە لەسەر "**چیەتی ڕووداوە مێژووییەکان و گەڕان بە دوای هۆکاری پشت ڕووداوەکان و ئاشنابوون بە چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوە مێژووییەکان و ئەو هێزەش کە ڕەوتی ڕووداوەکان ئاراستە دەکات**" (ڕەحمانیان، ٢٠١٦: ٨)، هەر لەو چوارچێوەیە کەمال مەزهەر (٢٠٠٨: ١٥) پێیوایە "مێژوو، زانستی زانستەکانە".

**سێیەم: بڵاوکراوەی نەورۆز:**

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ناوچەیی بووە، لە لایەن یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK[١] بڵاودەکرایەوە. لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٨ یەکەم ژمارەی دەرچووە، ژمارە ٢٨یشی وەک دوا ژمارە، لە نیسانی ٢٠٠١ چاپ و بڵاوکراوتەوە. بڵاوکراوەکە بایەخی بە مێژوو، پرسە نەتەوەییەکان و واقیعی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی دەڤەری سۆران داوە.

### ١١. توێژینەوەی پێشوو:

بە مەبەستی بەرچاوڕوونی، ئەو توێژینەوانەی لە بارەی پرسی نووسینەوەی مێژوو لە ڕۆژنامەگەری کوردی کراون، نموونەی "بایەخی نووسینەوەی مێژووی کورد لە ڕۆژنامەی هاوکاری دا ١٩٧٠-١٩٧٥" لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە. ئەمەش هەم ئاسانکاری بۆ توێژەر دەکات و هەمیش لە پرۆسەی دەوڵەمەندکردنی بابەتی توێژینەوەکە سوود بە خوێنەر دەگەیەنێت.

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا، پشتی بە ڕێبازی ڕاگواستنی مێژوویی و شیکردنەوەی خشتە (شیکاریکردنی نەخشە) بەستووە، کە یارمەتیدەرە بۆ شیکردنەوەی خاڵە سەرەکییەکانی بابەتی توێژینەوەکە و گەیشتن بە ئەنجامێکی دروست و زانستیانە.

**گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەمانەن:**

١. دەکرێت ڕۆژنامەی هاوکاری وەک سەرچاوەی نووسینەوەی مێژووی کورد کەڵکی لێوەربگیرێت، لە بەر ئەوەی لە نێو لاپەڕەکانیدا، بابەتەکانی تایبەت بە مێژووی کورد پانتاییەکی زۆری داگیر کردووە.

٢. لەگەل ئەوەی لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بەیەخ بە نووسینەوەی مێژووی کورد دراوە، بەڵام کەمتر ڕەچاوی لایەنی زانستی لە نووسینەوەی بابەتەکاندا کراوە، بە بەڵگەی ئەوەی نووسەری زۆرێک لە بابەتەکان کەسانی پسپۆر نین لە بواری مێژوودا.

- توێژەر لەم توێژینەوەیەدا، جەختی لە گرنگی نووسینەوەی مێژوو لە ڕۆژنامەی هاوکاری کردۆتەوە، بەو مانایەی ڕۆژنامەگەری دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی ببینێت لە نووسینەوە و تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکان و تیشکخستنە سەر ژیانی کەسایەتی و ناودارانی کورد و جیهان و کاریگەرییان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا.

هەروەک لە دووتوێی توێژینەوەی بەردەست، جەخت لە سەر ئەو پرسە کراوەتەوە، بۆ بەرچاوڕوونی و وەک ئەزموونێکی پێشتر، توێژەران سوودیان لەو توێژینەوەیە وەرگرتووە، بە تایبەت لە جوغزی جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە. پەیوەندی و لێکچوونێکی زۆریش لە نێوان ئەنجامەکانی هەردوو توێژینەوەکە بەدیدەکرێت.

**تەوەری دووەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە**

**١. کورتەیەک لە بارەی مێژووی ڕۆژنامەگەری لە ڕواندز**

مێژووی ڕواندز لە بواری چاپەمەنیدا بۆ ساڵی ١٩٢٥ دەگەڕێتەوە، کە بە هەوڵی حوسێن

حوزنی موکریانی (١٨٩٠-١٩٤٧) بۆ یەکەمین جار چاپخانەی پێگەیشت، هەر لەو چاپخانەیە جگە لە بە چاپگەیاندنی گۆڤاری زاری کرمانجی (١٩٢٦-١٩٣٢) (موکریانی ٢٠١١: ٩) بۆ بە چاپگەیاندنی ٢٥ کتێب و نامیلکە سوودی لێ وەرگیرا (مستەفا ٢٠١٣: ٢٦) و لە هەمان ماوەشدا و تا ساڵی ١٩٣٦ ژمارە (٣-٦)ی (گۆڤاری ڕوناکی)یش لە چاپخانەکەی چاپ کرد (نەجاڕ ٢٠١٥: ١٤٨).

لە ساڵانی دواتریش چەندین گۆڤار و بڵاوکراوەی دیکە لەو شارۆچکەیە چاپ و بڵاوکراونەتەوە، لەوانەش: کوردستان ١٩٤٠، بەرنامە ١٩٩٠، قەڵا ١٩٩١، پەرەسێلکە ١٩٩١، ڕواندز ١٩٩٨، خەرەند ٢٠٠٣، ڕواندزی نوێ ٢٠٠٤ (کەریم، ٢٠١٣: ٨٧).

هەر لە زووەوە لە ناو خەڵکی ڕواندز، ئاستی خوێندەواری و مەیلی خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە لە ئاستێکی باش دابووە، بەڵگەی ئەو ڕاستییەش هەواڵێکی خودی ڕۆژنامەی (زەورا[٢])یە وەک یەکەمین ڕۆژنامەی عێراق لە بارەی ژمارەی خوێنەرانی ڕۆژنامەکە لە ڕواندز، ئەو ڕۆژنامەیە لە ژمارە ٧٦٣ی ڕۆژی ٨ی حوزەیرانی ١٨٧٨ نووسیوویەتی:"ساڵی ڕابردوو ژمارەی بەشداربووانی ڕۆژنامەکەمان لە قەزای ڕواندز بریتی بوو لە پازدە زات و ماڵ، ئیمساڵیش هەژدە زاتی تر بەشداربوون، واتە ئێستا لەو قەزایە ٢٩ کەس کڕیاری زەوران" (مستەفا، ٢٠١٣: ٢٠).

بۆ شارۆچکەیەکی وەک ڕواندز، بوونی ٢٩ بەشدار لە ڕۆژنامەیەکدا، کە بە تورکی و زۆر جار بە عەرەبییەکی شەق و پەق چاپکرابێت، ژمارەیەکی زۆر بووە و وادەگەیەنێت سەرەتای دروستبوونی دەستەی ڕوناکبیری نوێی ئەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە ناوەندی سەدەی نۆزدەم (مەزهەر، ٢٠٠١: ٤٥٩). ئەمەش دەرخەری ئەوەیە ڕواندز زۆر لەمێژە پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ کاری ڕۆژنامەوانی هەیە و دەستەبژێر و خوێندەوارانی، ئامادەییەکی باشیان لەو ناوەندەدا هەبووە.

## ٢. مێژووی دەرچوونی بڵاوکراوەی نەورۆز

نەورۆز وەکو جەژنی نەتەوەیی و سیمبولی کوردایەتی، پانتایی لەناو ئەدەبیاتی کۆمەڵی کوردی گرتووە، ئەو بایەخەی کە نەورۆز هەیەتی زۆرێک لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی هانداوە لە دروشمەکانیان بەکاری بهێنن، لەم چوارچێوەیە لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨، یەکەمین ژمارەی بڵاوکراوەی نەورۆز بە دەستنووس لەلایەن ڕێکخراوی ڕواندزی سەر بە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان بڵاوکراوەیە (محەمەد، ٢٠٢٣: دیمانە).

ئەو بڵاوکراوەیە لە دەرەنجامی ئەو ژینگەیە لە دایک بوو، کە لە دوای ڕێککەوتنی واشنتۆن ١٩٩٨[٣] و بڕیاری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هەڵگرتنی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر عێراق لە ساڵی ١٩٩٦ هاتەئارا، چونکە ژینگەی دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ پڕ بوو لە دەردەسەری و ماڵوێرانی تاکی کورد لە باشوری کوردستان، لە لایەک گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر عێراق و لە لایەکی تریش ئەو گەمارۆیەی، کە حکومەتی بەغدا خستبوویە سەر باشوری کوردستان. لە هەمان ماوەدا، شەڕی ناوخۆ لە نێوان یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵگیرسا، بە هەموویان میللەتیان تەنیا بە بەدەستهێنانی بژێوی ڕۆژانەوە سەرقاڵکرد و خەڵک ئارەزووی پەیداکردنی نانێکی لە گرنگیدان بە بواری ڕۆشنبیری پێ باشتر بوو (ڕەشید، ٢٠٢٢: ٧٩-١٦٦).

دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کابینەی سێیەمی لە ساڵی ١٩٩٦ ڕاگەیاند، زۆرێک لە دامەزراوەکانی ئەو کابینەیە، بە هیمەتی چاپخانەکانی (وەزارەتی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، وەزارەتی ڕۆشنبیری) لەگەڵ ئەو چاپخانەیەی، کە لە (دهۆک) کرایەوە، بوون بە خاوەنی چاپەمەنی خۆیان، لەو داتایانەی بەردەستن، پێمان دەڵێن، کە ژمارەی گۆڤار و ڕۆژنامە مۆڵەتدراوەکان تەنیا بۆ ساڵی ١٩٩٩ گەیشتووەتە (٨٩) بڵاوکراوە[٤]، ئەمەش بووە هاندەرێک کە خەڵکی ئاسایی و تەنانەت پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانیش بڵاوکراوەی لۆکاڵی بە چاپ بگەیەنن، چونکە هەست دەکرا ئەو بوارەی میدیا کاریگەری زۆرتر جێدەهێڵێت و دەشتوانێت جەماوەری زیاتر لە دەوریان کۆبکاتەوە.

هەرچەندە لەناو دۆخی شەڕی ناوخۆ و گەمارۆی ئابووریدا، خەڵک هەوڵیدەدا ئەو زانیاریانە لە ڕێگای میدیای کەم خەرجی وەکو (ڕادیۆ) بەدەستبهێنێت، بەڵام کاتێک دۆخی سیاسی ئارام بووەوە، بایەخی بواری چاپەمەنی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی هەولێر زیادی کرد، لە سەنتەری ڕواندز و سۆران تەنیا لە نێوان ساڵانی ١٩٩٨-٢٠٠٣ (١٦) چاپکراو بە ناونیشانی جۆراو جۆر لەنێو چین و توێژە جیاوازەکانی ئەو دوو شارەدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە، کە یەکێک لەوانە بڵاوکراوەی نەورۆزە (ڕەشید، ٢٠٢٢: ٧٩-١٦٦).

بڵاوکراوەی نەورۆز بەشێک بوو لەو خولیایەی، کە خەڵکی دەڤەرەکە بۆ بواری ڕۆشنبیری هەیان بوو، چونکە ئەوان ڕاهاتبوون لەسەر خوێندن و خوێندنەوە، جۆشکرابوون بە بیرکردنەوەیەک ئەگەر چەندە خۆراک بۆ جەستەیەکی بەهێز پێویست بێت، بۆ عەقڵ و ژیریش نووسین و خوێندنەوە پێویستن، لەو چوارچێوەیەدا ستافی ڕێکخراوی ڕواندز لەسەر پێشنیازی (مەهدی محەمەد[٣]) پاش ڕاوێژ لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان لە سۆران، بڵاوکراوەکە ڕۆشنای بینی و لە سەر پێشنیازی (ئاکۆ محەمەد[٤]) کە ئەوکات یەکەمین بەرپرسی ئەو حزبەش بووە لە سۆران، ناوی نەورۆزی لێنرا و پاڵپشتی تەواویشی بۆ دابینکرا (محەمەد، ٢٠٢٣: دیمانە).

هەرچەندە یەکەمین ژمارەی بە دەستنووس و بە پێنووسی (مەهدی محەمەد) کە بە ناسناوی (بۆتان ڕواندزی) کاری تێدا کرا و نووسرایەوە، بەڵام ژمارەکانی داهاتووی بە کۆمپیوتەر کاری نووسین و هونەری بۆ ئەنجامدراوە، پاش لە چاپدانیشی کە تا ئێستا تیراژی نەزانراوە، بە خۆڕای بە سەر دامەزراوە حزبی و حکومییەکان و خوێنەران دابەشدەکرا و دواجاریش بە هۆی نەبوونی پاڵپشتی دارایی ژمارە (٢٨)ی دەبێتە دواین ژمارەی ئەو بڵاوکراوەیە (قادر، ٢٠٢٣: دیمانە).

### ٣. بڵاوکراوەی نەورۆز لە ڕووی هونەری و ناوەڕۆکەوە

نەورۆز وەکو بڵاوکراوەیەکی مانگانە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٨ تا ٢٠٠١ بە دەست زۆرێک لە هەوادارانی بواری ڕۆژنامەگەری لە دەڤەری سۆران دەگەیشت، ژمارە (١)ی ئەو بڵاوکرایەوە لە

١٩٩٨/١٠/٢٠ نیوەی بە دەستنووس و بەشێکی بە تایپ و بە قەبارەی (٢١×٢٩سم)ی (٨) لاپەڕەی گەیشتە بەردەستی خوێنەران.

بڵاوکراوەی نەورۆز، کە (٢٨) ژمارەی لێ چاپکراوە، لە هەر ژمارەیەک بۆ ئەوی تریان جگە لە قەبارەکەی، گۆڕانکاری لە ڕووی ناوەڕۆک و شێوە و هونەری ڕۆژنامەوانییەوە لێ بەدیدەکرێت، ئەمەش بۆ بوونی خوێنەری تایبەتی خۆی دەگەڕێتەوە، وەکو دیاریشە هەوادارانی مانگانە چاوەڕێی دەرچوونی بوونە.

ژمارە (١)ی بڵاوکراوەکە پێناسەی خۆی بەم شێوەیە کردووە (نەورۆز، بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ناوخۆییە، بەشی ڕێکخستنی ڕێکخراوی ڕواندزی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات)، هەر لە لاپەڕە یەکەمیدا، پەیڤی نەورۆز و بەیاننامەیەکی یەکێتی خوێندەڤانانی نەتەوەیی کوردستان- لقی سۆران دەبینرێت، کە بە بۆنەی دەستپێکی ساڵی خوێندنی ١٩٩٨-١٩٩٩ بڵاویان کردووەتەوە، لە بەرامبەردا پەیڤەکەیان بە بابەتێکی کوردستانی کردووەتەوە، ئەویش پشتیوانیکردنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆنە.

کاتێک لە (گۆشەی پەیڤەکانی نەورۆز) ڕادەمێنین، کە لە هەموو ژمارەیەک هەیە و لە جیاتی سەرووتار بۆ بەیانکردنی سیاسەتی بڵاوکراوەکە دیاریکراوە، هەر هەموویان مۆرکێکی کوردستانیان پێوەیە، دەکرێت ئەمەش بۆ ئەو دروشمە بگەڕێتەوە، کە لە یەکەمین ژمارە، بڵاوکراوەکە هەڵیگرتبوو، ئەویش گەیاندنی ئامانج و سیاسەتی حزبەکەیەتی، هەم بە ئەندامانی، هەمیش بە لایەنگرانی. بەڵام زۆرترین بابەتەکانی تری وەکو ئاوێنەی سنووری سۆران و ڕواندز دەبینرێن.

سەرەڕای بایەخدانی زۆر بە بابەتە لۆکاڵی و کوردستانییەکان، ناتوانین بڵێین ئەو بڵاوکراوەیە لە بیری پارتەکەی نەبووە، بۆ نموونە ژمارەکانی (١٨ و ١٩)ی بە تەواوەتی تەرخانکردووە بۆ ڕووداوی تیرۆرکردنی سەربەست مەحموود[٥]- ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستنی حزبەکەیان و سەرنووسەری ڕۆژنامەی میدیا، لە هەمانکاتدا لە زۆربەی

ژمارەکانی کۆبوونەوە و ئەو چالاکیانەی، کە پارتەکەیان لە سۆران و ڕواندز ئەنجامی داون، لاپەڕەی یەکەمیان گرتبوو.

نەورۆز، لە ژمارە (١)ی تا ژمارە (١٤)ی بە (٨) لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە، هەوڵیداوە لە پاڵ دەرخستنی توانا ئەدەبییە شاراوەکان، کە خۆی لە شیعر دەبینێتەوە، بابەتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستی و ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری گشتیش لەخۆبگرێت.

پرەنسیپی کات لەو پێوەرانەیە، کە ستافی کاری (نەورۆز)، زۆر بە وردی ڕەچاوی کردووە، تەنیا لە (٣) ژمارەی سەرەتای نەبێت، ئەگەرنا ئەوانی تر هەر هەموویان لە کات و ساتی خۆیان گەیشتوونەتە دەستی خوێنەر.

هەروەها دەستەکە هەوڵیداوە لە ڕووی فۆڕمەوە گۆڕانکاری لە بڵاوکراوەکەیان بکەن، وەک دیارە ژمارە دوای ژمارە جوانکارییان لە لۆگۆ و دروشمەکان و دیزاین و ناوەڕۆکدا کردووە، بۆ نموونە لە ژمارە (٨)یەوە لاپەڕەی کۆتایی ناو و پێناسەی بڵاوکراوەکە بە ڕێنووسی لاتینی نووسراوە، ئەو بەکارهێنانی دوو شێوە (ئەلف و بێ)یە، واتە لە پاڵ ئەلف و بێی عەرەبی، نووسین بە ئەلف و بێی لاتینی بووەتە بەشێک لەکاری ئەو بڵاوکراوەیە، لە هەر سێ ژمارەکانی (٢٦ و ٢٧ و ٢٨) دوو لاپەڕەی کۆتایی بە ڕێنووسی لاتینی بابەتەکان بڵاوکراونەتەوە.

یەکێک لە سەرپەرشتیارانی بۆ ئەم مەبەستە دەڵێت: "نووسینی لاتینی بۆ ئەو سەردەم یەکێک لە پێویستییەکانی فێربوون بوو، لە بارەگا حزبیەکانیش خولی فێربوونی بۆ دەکرایەوە، بۆیە لەو بڵاوکراوەیەش لاپەڕەی تایبەتی بۆ تەرخانکرا" (قادر، ٢٠٢٣: دیمانە).

لە نێوان (٢٨) ژمارەی دەرچووی بڵاوکراوەکە، ستافی کار بە تەواوەتی ناناسرێنەوە، تەنیا ئەوە نەبێت لە ژمارە (١)ی (بۆتان ڕواندزی) سەرپەرشتی دەکا و لە ژمارە (١٥)ش ناوی (وڵات ڕواندزی[٨]) وەکو سەرپەرشتیار بەسەرەوەیە، لەو چوارچێوەیە ئەوەی تێبینی دەکرێت،

کاراکتەرێک بە تەنیا تەواوی ڕۆڵی چاپەمەنی ئەو بڵاوکراوەیەی خستۆتە ئەستۆی خۆی، لە تەوەر و قۆناغی جیاوازیش خەڵکانی تر هاوکاریان کردووە.

بڵاوکراوەی نەورۆز، لە نێوان کۆی ژمارەکانی، لە هەر ژمارەیەک بۆ ژمارەی دواتری هەوڵی بەرەو پێشچوون دەدات، لەگەڵ ئەوەی (١٤) ژمارەی یەکەمی (٨) لاپەڕە بووە، (١٤) ژمارەی دواتری بە (١٢) لاپەڕە دەرچووە، تەنیا ژمارە (٢٦)ی نەبێت، کە لاپەڕەکانی بوونەتە (١٦)، لە ڕووی ناوەڕۆکیش بوونی تەوەر و قسەکردن لەسەر ڕووداوی ڕۆژ، یەکێک لەو پێوەرانە بوون، کە ئەو بڵاوکراوەیە ڕەچاوی کردوون. تەنانەت ستافەکەی هەوڵیداوە دۆسیە بۆ بابەت ناوچەیی بکاتەوە، وەکو تەرخانکردنی ژمارە (٩) بۆ قسەکردن لەسەر دۆخی وەرزش لە ڕواندز، تەرخانکردنی ژمارە (١٧) بۆ ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی ١٩٨٧ی ڕواندز، ئەم گرنگیدانە بە بابەتە ناوچەییەکان لە زۆربەی ژمارەکانی تریدا ڕەنگیداوەتەوە.

### تەوەری سێیەم: ڕەنگدانەوەی نووسینەوەی مێژوو لە بڵاوکراوەی نەورۆز

#### ١. بابەتی تایبەت بە مێژووی ناوچەکە

بڵاوکراوەی نەورۆز، لە ژمارە سەرەتاییەکانییەوە لەگەڵ ئەوەدا بووە، کە بایەخ بە بابەتە لۆکاڵییەکان بدات. بۆیە لە پاڵ تەرخانکردنی گۆشەی جیاواز بۆ کارەکتەر و کەسایەتییە مێژوویەکانی سنوورەکە چەندین بابەتی لە ژمارە جیاوازەکان بۆ سنووری شارۆچکەکانی ڕواندز و سۆران تەرخانکردووە، کە لە خشتەی ژمارە (١) ڕوونکراونەتەوە.

ڕاپەڕینی ١٩ی ئایاری ١٩٨٧ی جەماوەری ڕواندز دژی سیاسەتی ئەو سەردەمی ڕژێمی بەغدا لەو بابەتانەیە، کە لەو خشتەیەدا بە زەقی بە دیاردەکەوێت. ئەمەش بۆ سروشتی ڕاپەڕینەکە دەگەڕێتەوە، کە بە بڕوای هەندێک لە بەشداربووانی ڕاپەرینێکی خۆرسکی بێ پلانی جەماوەری بووە و دەرەنجامی ڕاستەوخۆشی شکستی حکومەتی عێراق بووە لە هەڵمەتە سەربازیەکانی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە گوندەکانی دەوروبەری ڕواندز.

هەندێکی تریش باوەڕیان وایە، بەرنامە داڕێژراو بووە و بۆ پشتەوانی بووە لە ڕاپەڕینەکانی ناوچەی شارەزوور، کە لە هەمان مانگ و ساڵ ڕوویاندابوو (مستەفا، ٢٠١٨: ٣٠٧-٣٢١).

خشتەی ژمارە ١

بابەتی تایبەت بە سنووری سۆران و ڕواندز

| ناوی نووسەر | ناوی بابەت | ژمارە | ڕێککەوت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| عوسمان بالاّبەرز | ڕواندز لە مێژوودا | ١ | ١٩٩٨/١٠/٢٠ | ٤ |
| عوسمان بالاّبەرز | لە یادی ڕاپەڕینی جەماوەری ڕواندز دژی فاشیەت و وێرانکردن لە ١٩٨٧/٥/١٩ و نۆ مانگ ئازادی | ٥ | ئایاری ١٩٩٩ | ٤ |
| بەختیار جەبار | ئامادەیی ڕواندزی کوڕان و چەند سەرنجێک | ٨ | ئابی ١٩٩٩ | ٦ |
| عوسمان بالاّبەرز | ڕواندز لە نێوان قەزای کۆن و ناحیەی ئێستا | ١٠ | تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ | ٦ |
| بۆتان محەمەد | ١٩٨٤/٣/٣٠ ڕۆژێکی ڕەش و ناخۆشی شاری ڕواندزە | ١٦ | نیسانی ٢٠٠٠ | ٨ |
| نوری بێخاڵی | (١٩ی ئایار سیمبوولی بەرخودانی خەڵکی ڕواندزە) | ١٧ | ئایاری ٢٠٠٠ | ٣ |
| ئەحمەد حوسێن | خوێندەڤانان و مامۆستایان لە ڕاپەڕینی ١٩ی ئایاری ١٩٨٧ دا ڕۆلی پێشەنگی خۆیان نواند | ١٧ | ئایاری ٢٠٠٠ | ٤ |
| باوکی خەلاّت | بیرەوەرییەک لە ڕاپەڕینەکەی ١٩٨٧/٥/١٩ | ١٧ | ئایاری ٢٠٠٠ | ٥ |
| | دۆسیەی تایبەت بە ڕاپەڕینی ١٩ی ئایاری ١٩٨٧ی ڕواندز، ڕیپۆرتاژ لەگەڵ بەشدارانی ڕاپەڕینەکە | ١٧ | ئایاری ٢٠٠٠ | ٦ |
| | کەسوکاری بێ سەروشوێنەکانی ڕواندز هەر لە چاوەڕوانیدا دەژین (دیمانەی نەورۆز لەبارەی ١٣ی کەسی ئەنفالکراواویان لە ١٩٨٨/٦/١٥) | ١٧ | ئایاری ٢٠٠٠ | ٩ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| زرار محەمەد مستەفا | پانۆرامای شارێکی ڕاپەڕیو (شانۆ و موزیک) باس لە ڕاپەڕینی ١٩٨٧/٥/١٨ دەکات | ١٧ | ئایاری ٢٠٠٠ | ١٠ |
| مەهدی محەمەد ڕواندزی | (١٩٨٧/٥/١٩) ڕۆژێکی پیرۆزە لە دیرۆکی شاری ڕواندزدا | ١٧ | ئایاری ٢٠٠٠ | ١٢ |
| مەریوان مەلا زادە | دیرۆکی خوێندن و فێرکاری لە سۆران | ٢٥ | کانوونی دووەمی ٢٠٠١ | ٨ |
| | زیان پێکەوتوانی بۆردومانەکەی ١٩٨٤/٣/٣٠ی شاری ڕواندز بۆ (نەورۆز) دەدوێن | ٢٧ | نیسانی ٢٠٠١ | ٥ |
| | خۆپیشاندانی ئاداری ١٩٨٣ی قوتابیانی قوتابخانەی دواناوەندی ڕواندزی کوڕان... یادێکی مەزنی لەبیرکراو | ٢٧ | نیسانی ٢٠٠١ | ٦ |
| بۆتان محەمەد | لە یادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ١٩٨٧/٥/١٩ی جەماوەری شاری ڕواندزدا | ٢٨ | ئایاری ٢٠٠١ | ٦ |
| | لە ڕاپەڕینی ١٩٨٧/٥/١٩ دا ڕژێمی بەعس لە بەرامبەر ئیرادەی بەهێزی جەماوەری ڕواندز بە چۆک داهات | ٢٨ | ئایاری ٢٠٠١ | ٧ |

## ٢. بابەتی تایبەت بە مێژووی گشتی و مێژووی کوردستان

لایەنێکی تری بڵاوکراوەی نەورۆز گرنگیدانە بە مێژوو بە شێوەیەکی گشتی و مێژووی کورد بە تایبەتی، بۆ ئەو مەبەستە لاپەڕەکانی چەند ژمارەیەکی بۆ ئەو بابەتانە تەرخان کردووە. لە بابەتەکانی ئەو گۆشەیە جەخت لە سەر بۆنە نەتەوەییەکانی کورد کراوەتەوە، لەو بۆنانە جەژنی نەورۆزە، کە چەند لاپەڕەیەکی ژمارە (١٥)ی بۆ تەرخانکراوە.

هەرچەندە لە کۆی ئەو بابەتانەی بۆ ئەو بۆنەیە بڵاوکراونەتەوە، بەڵگەی زانستی مێژوویی بۆ نەورۆز نەخراونەتە ڕوو و تەواوی نووسەرانیشی بە تێڕوانینە ئەفسانەیەکان هەڵخەڵەتاون، بەڵام

ناشکرێت ئەوەش لە یادبکەین کە نووسەرانی هەوڵیان داوە ئەو بۆنەیە بۆ سەردەمانێکی دوورتر لە دەستەڵاتی ماد و هەخامەنشی بگەڕێننەوە.

لە بارەی مێژووی گشتیشەوە، بابەتێک لە ژمارە (١١) بە ناونیشانی (**با پەند لە مێژوو وەرگرین**) دەبێتە جێگەی سەرنجی تویژەران، چونکە نووسەری بابەتەکە هۆشیارانە باسی لە ماهیەتی مێژوو کردووە، وەکو زانستێک، کە چۆن دەتوانێت لە ڕابردوو بڕوانێت بۆ ئەوەی ئێستا و داهاتووی خۆمان پێ ببینین، بەڵام کاتێک دێتە سەر پرسی دووبارە بوونەوەی مێژوو، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کورد بەوە تۆمەتبار دەکات، کە نەیتوانیووە پەند لە مێژوو وەربگرێت و دەنووسێت: "شکستە یەک لە دوای یەکەکانی کورد باش هەڵدەسەنگێنین و هۆکارەکانیش باس دەکەین، بەڵام پەندیان زۆر کەم لێ وەردەگرین"(عەبدوڵلا، تشرینی دووەمی ١٩٩٩: ٢).

لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستە تێبینی زۆر هەن، بەڵام تەنیا سەرنجی پسپۆڕێکی مێژوویی دەخەینەڕوو، کە دەڵێت: "ڕەوڕەوەی مێژوو هەمیشە بەرەو پێش دەڕوات، لەوانەیە بۆ ماوەیەک بوەستێت، بەڵام هەرگیز بەرەو پاش ناگەڕێتەوە"، لە شوێنێکی تریشدا دەنووسێت:" کەرستەی ئەو گیاندارە خاوەن هەست و هۆشە، (کە مەبەستی مرۆڤە) گەلێک هۆکاری تێدەکەن، بەڕاست و چەپدا دەیبەن یان لە ئاستی خۆیدا دەیوەستێنن"(مەزهەر، ٢٠٠٨: ١٩ و ٢٠). بۆ بینینی بابەتەکانی تایبەت بە مێژووی گشتی و مێژووی کوردستان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢).

خشتەی ژمارە ٢

بابەتی پەیوەندیدار بە مێژووی گشتی و مێژووی کوردستان

| ناوی نووسەر | ناوی بابەت | ژمارە | ڕێککەوت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| | دیناسۆر چۆن لە ناوچوون | ١ | ١٩٩٨/١٠/٢٠ | ٥ |
| پاڵە گەردی | ژ.ک کازیوەیەکی زێڕین بوو لە خەباتی نەتەوەییدا | ٢ | ١٩٩٨/١٢/١ | ٤ |
| موسعەبی مەلا زادە | زەردەشت کێ بوو | ٤ | نیسانی ١٩٩٩ | ٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پاڵە گەردی | دیرۆکی لەتکردنی نیشتمان و نەتەوەیی کورد | ٦ | حوزەیرانی ١٩٩٩ | ٣ |
| حەسەن تارق | ڕوخانی شارستانی و ڕۆشنبیری کورد پەیوەستە بە ڕوخانی دەوڵەتی (ماد) | ٨ | ئابی ١٩٩٩ | ٣ |
| ڕێناس سادق | ئالای کوردستان | ٩ | ئەیلوولی ١٩٩٩ | ٣ |
| حەسەن تارق | تیشکێک بۆ سەر ڕێبازی مانی و مەزدەک | ٩ | ئەیلوولی ١٩٩٩ | ٥ |
| حەمەدەمین عەبدوڵڵا | با پەند لە مێژوو وەرگرین | ١١ | تشرینی دووەمی ١٩٩٩ | ٢ |
| پشتیوان خدر عوسمان | کورتە باسێک دەربارەی مێژووی کورد و کوردستان | ١٠ | تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ | ٣ |
| لوقمان ڕواندزی | ٧٧ ساڵ بەر لە ئێستا چەرچڵ پێشنیاری فیدراڵی بۆ کورد کردووە لە باشوری کوردستاندا | ١٢ | کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ | ٦ |
| بۆتان محەمەد | کوردستانی سوور | ١٣ | کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ | ٤ |
| پەیڤی نەورۆز | جەژنی نەورۆز و مێژووەکەی | ١٥ | ئاداری ٢٠٠٠ | ١ |
| شۆڕش ئیبراهیم | نەورۆز جەژنێکی نەتەوەیی و دیرۆکی کوردە | ١٥ | ئاداری ٢٠٠٠ | ٣ |
| ڕێناس سادق | با یادی هەڵەبجەی شەهید بکەینە ڕۆژی ئاشتی و یەکبوونی نەتەوەییمان | ١٥ | ئاداری ٢٠٠٠ | ٤ |
| پاڵە گەردی | ئەنفالکردنی ١٨٢ هەزار مرۆڤی کورد پەڵەیەکی ڕەشە بە نێوچەوانی (بەعس)ەوە | ١٦ | نیسانی ٢٠٠٠ | ٦ |
| حەسەن تاریق | ڕاپەرین و بیرەوەریەک | ١٧ | ئایاری ٢٠٠٠ | ٣ |
| میرئال زیلانی | جەژنی نەورۆز و شۆڕشی کاوە | ٢٦ | ئاداری ٢٠٠١ | ٦ |
| تاڵب محەمەد ئەحمەد | گەشتێک بە نێو ژیانی زەردەشت و کتێبە پیرۆزەکەی ئاڤێستا | ٢٧ | نیسانی ٢٠٠١ | ٤ |

### ٣. بابەتی تایبەت بە مێژووی کەسایەتییەکان

قسەکردن لەسەر کەسایەتی و کارەکتەرە مێژووییەکان، چ ئەوانەی لە سنووری ڕواندز جێدەستیان دیار بووە، چ ئەوانەی لەسەر ئاستی کوردستان کاریان بۆ سەرخستنی دۆزی نەتەوەی کورد کردووە، لاپەڕەی زۆرێک لە ژمارەکانی بڵاوکراوەی نەورۆزی گرتووە.

لە ژمارە (٥)ی بڵاوکراوەکە، یەکێک لەو وتارانەی جێی سەرنجە، بریتییە لە خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ ژیانی ئیبنو ئادەمی ڕوستایی[٩]، لە وتارەکە ساڵی لە دایکبوونی بە ساڵی ١٧٥٠ دانراوە و کۆچی دوایەکەشی بە ساڵی ١٨٢٢ (مەلازادە، ئایاری ١٩٩٩: ٢)، بەڵام بە پێی سەرچاوەیەکی تر، ئیبنو ئادەم لە نێوان ساڵانی (١٧٤٧–١٨٢١) ژیاوە (بێخاڵی، جامباز، ٢٠٠٦: ٥٥)، ئەوەی گرنگە لە وتارەکەی بڵاوکراوەی نەورۆز، باسکردنە لە هەوڵەکانی ئیبنو ئادەم بۆ نووسین بە زمانی کوردی و تیشکخستنە سەر ئەو ڕەخنانەیە، کە لە بەرامبەر ئەو هەوڵەی لێی گیراون و نووسراوە:" ئیبنو ئادەم پێشەکی پەرتووکی (مشکاة المنقول)ی بە کوردی نووسیبوو، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین پەرتووکەکانی. ژمارەیەک لە مەلاکانی ئەو کات ڕەخنەیان لە ئیبنو ئادەم گرتووە لە سەر ئەو پێشەکی و نووسینە بە کوردی" (مەلازادە، ئایاری ١٩٩٩: ٢). هەرچەندە وتارەکە چەند لایەنێکی تری ژیانیشی خستۆتەڕوو، بەڵام نەیتوانیووە خۆی لە قەرەی ڕۆڵی ئەو زانا ئایینییە بدات، کە هاوسەردەمی میرایەتی (میر محەمەد ١٨١٣–١٨٣٨) لەسەر میرنشینی سۆران (١٣٩٩–١٨٣٨) بووە.

بڵاوکراوەی نەورۆز لەپاڵ ناساندنی کارەکتەرە چالاکەکانی مێژوو، گۆشەی تایبەت بە ناساندنی جوگرافیای پارچەپارچەکراوی کوردستانیشی بە ناونیشانی (وڵاتی خۆت بناسە) کردۆتەوە، یەکەم گۆشەشی بۆ باشوری کوردستان تەرخانکردووە، پاشان لەلایەن نووسەرێکی تر، گۆشەیەک بە ناوی (ناودارانی ڕواندز) کراوەتەوە، لەو گۆشەیەشدا ئەو کەسایەتیانەی، کە جێپەنجەیان لە مێژووی دەڤەری سۆران دیارە، ڕوونکراوەتەوە.

لە بابەتە دیارەکانی گۆشەی (ناودارانی ڕواندز)یش دەرخستنی ڕۆڵی (شاکر مەجروم[١٠])ە لە ژمارە (١٤)ی بڵاوکراوەکە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی. بەڵام ئەوەی تێبینیدەکرێت، بە شێوەیەکی خێرا وێستگە سەرەکییەکانی ژیانی شاکر مەجروم خراونەتەڕوو، وەکو بوونی بە بەڕێوەبەری پۆستە و گەیاندن لە حکومەتی شێخ مەحموود (١٨٧٨–١٩٥٦)، نەفیکردنی بۆ بەغدا و دووبارە گەڕانەوەی بۆ سلێمانی و بوون بە دادنووس و بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە لە

شارۆچکەکانی (ڕانیە، چەمچەماڵ و ڕواندز) و لە کۆتایشدا بە پوختی ڕۆڵی لە حزبی هیوا باسکراوە (رەوشت، شوباتی ٢٠٠٠: ٧).

لە دواین چاپکراو لەسەر ژیانی شاکر مەجروم، کە لە لایەن ئومێد شێرکۆ شاکر مەجروم چاپ و بڵاوکراوەتەوە، باس لە بەهێزی پەیوەندییەکانی شاکر و شێخ مەحموود کراوە، تەنانەت لە دوو شوێنی جیاوازدا، دوو شیعری شێخ مەحموود بۆ بەڵگەی توندوتۆڵی ئەو پەیوەندییانە تۆمارکراوە و لە یەکێکیاندا هاتووە:

شاکر شوکرەکەم

تەرکی عەشقت گەر بکەم

وادەزانم کوفرەکەم (مەجروم، ٢٠٢١: ٦٥ و ٦٧).

بۆ زانیاری لە بارەی کارەکتەرە سیاسییەکان و گۆشە مێژووییەکانیش، سەیری خشتەی ژمارە (٣ و ٤) بکە.

خشتەی ژمارە ٣

تایبەت بە مێژووی ناوداران

| ناوی نووسەر | ناوی بابەت | ژمارە | ڕێککەوت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| شۆڕش ئیبراهیم | شێخ سەعید، مەشخەڵی خەباتی باکوری وڵاتمانە | ٤ | نیسانی ١٩٩٩ | ٢ |
| مسعەب مەلا زادە | تیشکێک بۆ سەر ژیان و زانایی ئیبنو ئادەمی ڕوستایی | ٥ | ئایاری ١٩٩٩ | ٢ |
| مەهدی محەمەد ڕواندزی | تیشکێک بۆ سەر ژیانی دۆستی ڕاستەقینەی کورد ئیسماعیل بێشکچی | ٦ | حوزەیرانی ١٩٩٩ | ٣ |
| وەیسی مەلا سەعید | لە یادی پیرەمێردی هونەردا | ٦ | حوزەیرانی ١٩٩٩ | ٤ |
| ڕێبین وسو | لە دەیەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی د. قاسملووی مەزندا | ٧ | تەمووزی ١٩٩٩ | ٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پشتیوان خدر | سمۆکی شکاک و شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان | ٨ | ئابی ١٩٩٩ | ٣ |
| هەڵگورد خەلیفانی | ئەم شۆڕشگێڕە جیهانییە بناسە، گیڤارا کێ بوو | ٨ | ئابی ١٩٩٩ | ٧ |
| شوان شەمسەددین | لە یادی (٥٤)ەمین ساڵیادی کۆماری دیموکراتی کوردستان، تیرۆژێک بۆ سەر تێکۆشانی یەکەمین سەرۆک کۆماری کورد | ١٣ | کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ | ٥ |
| | بارزانی هێمای ڕاستەقینەی کوردایەتییە | ١٥ | ئاداری ٢٠٠٠ | ٢ |
| ڕێبین وسو | لە یازدەمین ساڵڤەگەڕی کۆچی دوایی ئازاد مستەفادا | ١٥ | ئاداری ٢٠٠٠ | ٢ |
| ڕووبار ڕواندزی | مەرگی (مام قادر سەرانەیی) و ئەشکەوتە گۆڕێکی بەردین | ١٧ | ئایاری ٢٠٠٠ | ٥ |
| عەلی مەکتەبە | چەند پەیڤێک لە یادی کۆچی دوایی مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی | ٢١ | ئەیلولی ٢٠٠٠ | ٣ |
| شۆڕش ئیبراهیم | تیشکێک بۆ سەر ژیان و خەباتی قازی محەمەد | ٢١ | ئەیلولی ٢٠٠٠ | ٥ |

خشتەی ژمارە ٤

تایبەت بە گۆشەی مێژوویی

| ناوی نووسەر | ناوی بابەت | ناوی گۆشە | ژمارە | ڕێککەوت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| مامۆستا قادر | پێناسەیەک بۆ باشوری کوردستان | وڵاتی خۆت بناسە | ٢ | ١٩٩٨/١٢/١ | ٥ |
| م. قادر | پێناسەیەک بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان | وڵاتی خۆت بناسە | ٣ | بێ مانگ ١٩٩٩ | ٣ |
| م. قادر | پێناسەیەک بۆ باکری کوردستان | وڵاتی خۆت بناسە | ٤ | نیسانی ١٩٩٩ | ٦ |
| قادر سادق | پێناسەیەک بۆ ڕۆژئاوای کوردستان | وڵاتی خۆت بناسە | ٥ | ئایاری ١٩٩٩ | ٦ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| قادر سادق | پێناسەیەک بۆ بەشە کوردستانی بندەستی ئەرمینیا و ئازەربایجان | وڵاتی خۆت بناسە | ٦ | حوزەیرانی ١٩٩٩ | ٦ |
| ڕەوشت | سمایل بەگی لەعلی خان | ناودارانی ڕواندز | ١١ | تشرینی دووەمی ١٩٩٩ | ٨ |
| ڕەوشت | نوری باویل ئاغا کێیە | ناودارانی ڕواندز | ١٢ | کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ بەفرانباری ٢٦٩٩ | ٧ |
| ڕەوشت | شاکر مەجروم | ناودارانی ڕواندز | ١٤ | شوباتی ٢٠٠٠ | ٧ |
| ڕەوشت | پیری کۆسە | ناودارانی ڕواندز | ١٦ | نیسانی ٢٠٠٠ | ١١ |
| ڕەوشت | دیاربەکر (ئامەد) | وڵاتی خۆت بناسە | ٢١ | ئەیلولی ٢٠٠٠ | ٨ |
| | کوردستان | وڵاتی خۆت بناسە | ٢٣ | تشرینی دووەمی ٢٠٠٠ | ٨ |
| | جوانرۆ | وڵاتی خۆت بناسە | ٢٤ | کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠ | ٨ |
| | دهۆک | وڵاتی خۆت بناسە | ٢٥ | کانوونی دووەمی ٢٠٠١ | ٨ |
| | کەرکووک- kerkûk | وڵاتی خۆت بناسە | ٢٨ | ئایاری ٢٠٠١ | ١١ |

### ٤. بابەتی مێژوویی لە بازنەی هونەر و ژانرە[١١] ڕۆژنامەوانییەکان

لەو هونەر و ژانرە ڕۆژنامەوانییانەی، کە لە بڵاوکراوەی نەورۆز بۆ گێڕانەوەی بابەتە مێژووییەکان گیراونەتەبەر (مانشێت و دیمانە)ن، کە هەریەکەیان لە ڕووی ڕۆژنامەوانییەوە بایەخی خۆیان هەیە و بە جیا گرنگی و بوونی لە لاپەڕەکانی چاپەمەنیدا خراونەتەڕوو:

**یەکەم: مانشێت:** پێناسەی گشتی ئەو تەکنیکە ڕۆژنامەوانییە، دەکرێت بەوەی بەشی سەرەکی و گرنگی هەواڵە، کە بە کەمترین وشە زۆرترین مانای هەیە. بەو مانایەی پێویستە مانشێت

بەشێوەیەک دابڕێژرێت، کە ڕوون و ئاشکەرا بێت و خوێنەر بە ئاسانی لێی تێبگات (ئابادی، ٢٠٠٥: ٦٩)، بە بینینیشی خوێنەر هانبدات بۆ خوێندنەوەی بڕگەی دواتری بابەتەکە.

لە بڵاوکراوەی نەورۆزیش ئەو بوارەی میدیا بۆ بابەتە مێژووییەکان لە زۆرێک ژمارەدا سوود لێوەرگیراوە، بەڵام بڵاوکراوەی نەورۆز بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی مانشێتەکە هەواڵی بەکارنەهێناوە، بەڵکو سەروتار، کە بە زۆری بە ناوی (پەیڤی نەورۆز) بڵاوکردۆتەوە، ئاوێنەی مانشێتەکە بووە، بەو مانایەی مانشێتی بڵاوکراوەکە لە چوارچێوەی بنەما پیشەییەکانی ڕۆژنامەوانی لایداوە، مانشێت بۆ پەیام و سیاسەتی بڵاوکراوەکە و ئەو دامەزراوەیەی، کە لێی بڵاودەکرێتەوە سوودی لێ وەرگیراوە. هەروەک لە خشتەی ژمارە (٥) زۆرێک لە مانشێت و سەروتارەکان خراونەتەڕوو.

خشتەی ژمارە ٥

مانشێت و سەروتار لە بارەی بابەتی مێژوویی

| جۆر | ناوی بابەت | ژمارە | ڕێککەوت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| مانشێت | پیرۆز و شکۆداربێت (١٠١)ەمین ساڵوەگەڕی ڕۆژنامەگەریی کوردی | ٤ | نیسانی ١٩٩٩ | ١ |
| پەیڤی نەورۆز | بۆ یادی ١٠١ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی تەرخانکراوە | ٤ | نیسانی ١٩٩٩ | ١ |
| مانشێت | ئەنفالکردنی بارزانییەکان تاوانێکی هۆڤییانە و وەحشیگەریانەبوو | ٨ | ئابی ١٩٩٩ | ١ |
| پەیڤی نەورۆز | یادی ئەنفالی بارزانییەکان | ٨ | ئابی ١٩٩٩ | ١ |
| مانشێت | شۆڕشی ئەیلول قەڵەمبازێک بوو لە دیرۆکی شۆڕشی کوردستانیدا | ٩ | ئەیلولی ١٩٩٩ | ١ |
| پەیڤی نەورۆز | شۆڕشی ئەیلوول | ٩ | ئەیلولی ١٩٩٩ | ١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مانشێت | پیرۆز بێت (٥٤)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان | ١٣ | کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ | ١ |
| پەیڤی نەورۆز | ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد | ١٣ | کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ | ١ |
| مانشێت | ٢٢ی نیسان پێنگاڤێکی هاوچەرخانەی کوردی بوو لە واری ڕاگەیاندندا | ١٦ | نیسانی ٢٠٠٠ | ١ |
| پەیڤی نەورۆز | یادی ڕۆژنامەگەریی | ١٦ | نیسانی ٢٠٠٠ | ١ |
| مانشێت | ڕاپەڕینی ١٩ی ئایاری ١٩٨٧ی شاری ڕواندز چوارەمین سوپای جیهانی بەزاند | ١٧ | ئایاری ٢٠٠٠ | ١ |
| پەیڤی نەورۆز | ڕاپەڕینی ١٩ی ئایاری ١٩٨٧ی شاری ڕواندز | ١٧ | ئایاری ٢٠٠٠ | ١ |
| مانشێت | کۆماری دیموکراتی کوردستان کاروانێکی نەپساوەی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەمان | ٢٥ | کانوونی دووەمی ٢٠٠١ | ١ |
| سەروتار | کۆماری کوردستان لە مەهاباد | ٢٥ | کانوونی دووەمی ٢٠٠١ | ١ |
| مانشێت | سڵاو بۆ ئەو قەڵەم بە دەستانەی شەو و ڕۆژ دەخەنە سەر یەک بۆ بەرەوپێشبردنی ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی | ٢٧ | نیسانی ٢٠٠١ | ١ |
| سەروتار | یادی ڕۆژنامەگەریی کوردی | ٢٧ | نیسانی ٢٠٠١ | ١ |

**دووەم: چاوپێکەوتن:** چاوپێکەوتن، یەکێک لە ژانرە ڕۆژنامەوانییەکانە و ڕۆژنامەنووس بەشێوەی پرسیار و وەڵام لەگەڵ کەسی بەرامبەر دەگات بەو زانیاریانەی، کە خوێنەر، یان بینەر و بیسەرانی پێویستیان پێیەتی (سەپان، ٢٠٠٨: ٣٥).

بڵاوکراوەی نەورۆز بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتە مێژووییەکان سوودی لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن وەرگرتووە، بە تایبەت ئەو کەسایەتییە بە تەمەنانەی، کە سەردەمانێک دەستیان

هەبووە لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی سنووری ڕواندز، یان شایەدحاڵی زۆرێک لەو ڕووداوانە بوونە، کە لە ناوچەکە ڕوویانداوە. بۆ ئەم مەبەستە لە ژمارە (١١) دیمانەیەک لەگەڵ کەسایەتییەکی بە تەمەن بە ناوی (ڕەسووڵ عومەر کەڕەکی) ئەنجامدەدەن و ڕەسووڵ لە دیمانەکە دەڵێت:" ئەو کاولۆکەی[١٢] ئێستا هەیە، پێشان پێیان دەگوت ڕواندز و خەڵکی هەموو لەوێ نیشتەجێ بوونە و کار و کشتوکاڵی خۆیان لەوێ ئەنجامداوە" (ڕواندزی، تشرینی دووەمی ١٩٩٩: ٣). دیارە هەمان زانیاری لە پەرتووکی (رەواندز) لە نووسینی (ئەحمەد حەمەدئەمین هۆمەر)یش بەرچاو دەکەوێت. هەرچەندە نووسەری (ڕەواندز) بە پشتبەستن بە دەستنوسی (مێژووی سۆران- مەلا ئەسعەد خەیلانی) و کتێبی (بنەماڵە بەناوبانگەکانی رواندز- مەمدوح مزووری) نووسیویەتی:" ڕەواندز بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە شوێنی کاولۆکانی ئێستا بووە و دوای کاولکردنی لە لایەن سوپای ڕووسەوە، هەڵکشاوە بۆ شوێنی ئێستاکەی". بەڵام لە هەمان لاپەڕە بۆچوونی دوو گەڕیدەی ڕۆژئاوایی لەسەر هەڵکەوتەی جوگرافی ڕواندز باسکردووە، کە یەکێکیان بۆ سەدەی هەژدەهەم و ئەوی تریان بۆ سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، لە هەردووکیاندا جەخت لەوە کراوەتەوە، کە ڕواندز و قەڵایەکەی لەسەر چیایەکی بەرز و سەخت بونیادنراون (هۆمەر، ٢٠٠٦: ١٥ و ١٦)، تێبینی گەڕیدەکان و وردنەبوونەوەی نووسەری کتێبی ڕەواندز، لەو زانیارییەی کە باس لە هەڵکشانی کاولۆکان بۆ ڕواندزی ئێستا دەکەن، دەرفەت بۆ توێژەران دەرەخسێنێت، تا بە توێژینەوەی تایبەت کار لە سەر ساغکردنەوەی ئەو زانیارییە بکەن، چونکە شوێنی جوگرافی ئێستای کاولۆکان لە دۆڵێک دەچێت، نەک بەرزایی و ئەوەندەش سەخت نییە تا میر و فەرمانڕەوایانی کۆن بۆ بەڕێوەبردنی دەستەڵاتیان بەکاری بهێنن. لە خشتەی ژمارە (٦) ئەو دیمانە مێژووییانە خراونەتەڕوو:

خشتەی ژمارە ٦

چاوپێکەوتنی مێژوویی

| ناوی نووسەر | ناوی بابەت | ژمارە | ڕێککەوت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| بۆتان سەرانەیی | عەلی مەکتەبە: من و سەبری نەجیب یەکەمین پەرتوکخانەمان لە ڕواندز دامەزراند | ٢ | ١٩٩٨/١٢/١ | ٣ |
| ولات | نەوەیەکی وەستا ڕەجەب بۆ (نەورۆز) دەدوێت | ٦ | حوزەیرانی ١٩٩٩ | ٥ |
| ولات | دیمانەیەک لە گەڵ مامۆستا شێرکۆ ڕواندزیدا | ٧ | تەمووزی ١٩٩٩ | ٥ |
| مەهدی محەمەد ڕواندزی | دیمانەیەک لەگەل بەتەمەنترین مرۆڤ لە کوردستان | ١١ | تشرینی دووەمی ١٩٩٩ | ٣ |
|  | ئێمەی کورد تاکو ئێستا خاوەن کیانێکی سەربەخۆ نین چ جای ئەوەی باسی ئومەمیەت بکەین | ٢١ | ئەیلولی ٢٠٠٠ | ٧ |
| کاوە حاجی جەوهەر ڕواندزی | حاجی سەید عەزیز تاهیر: دووجار ماڵمان سووتاوە، عروس سووتاندی تەنیا مەڕوماڵاتمان بردە دەرەوە، ئەوی تریان بە تاڵان برد | ٢٢ | ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠ | ٥ |

### ٥. بابەتی پەیوەست بە مێژووی ڕۆژنامەگەری

لە پاڵ ئەم بوارانە، مێژووی ڕۆژنامەگەری بەشێک لە وتار و بەدواداچوونەکانی بڵاوکراوەی نەورۆزیان پێکهێناوە. لەگەڵ ئەوەی لە ساڵیادی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە مانشێت و سەروتار پەیامی خۆی بۆ ئەو بۆنەیە ڕاگەیاندووە، چەندین بابەتیشی بۆ مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی تەرخانکردووە.

دۆخی بواری ڕۆژنامەگەریی لە سنووری ڕواندز و سۆران لە یەکێک لە بابەتەکانی ژمارە (١٦) بە ناونیشانی (ڕۆژنامەگەریی کوردی لە دەڤەری سۆران) بۆ تویژەران جێگای تێڕامان بوو، ئەمەش بۆ ئەو بەراوردە دەگەڕایەوە، کە نووسەری وتارەکە لە بارەی سەرەتای سەدەی بیستەم و کۆتایی هەمان سەدە بۆ دۆخی ڕۆژنامەگەری لە ناوچەکەیان کردووە و نووسیویەتی: "ڕۆژنامەگەری لە سەردەمی حوسێن حوزنی موکریانی ١٨٩٠-١٩٤٧ لەو دەڤەرە پێشکەوتوو تر بوو لەوەی ئێستا، چونکە ئێستا ئێمە خاوەنی هەموو ئاسانکارییەکین، کەچی وەک پێویست لە دەڤەری سۆران هیچمان نەکردووە"، هۆکاری دۆخەکەش بە بڕوای نووسەری وتارەکە بۆ نەبوونی خەمخۆری و خراپی دۆخی ئابووری دەگەڕێتەوە (بالاَبەرز، نیسانی ٢٠٠٠: ٣). بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە خشتەی ژمارە (٧).

خشتەی ژمارە ٧

بابەتی پەیوەست بە مێژووی ڕۆژنامەگەری

| ناوی نووسەر | ناوی بابەت | ژمارە | ڕێککەوت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| ڕزگار ڕەسول | کاروانی ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژهەلاَتی کوردستان | ٤ | نیسانی ١٩٩٩ | ٥ |
| عوسمان بالاَبەرز | ڕۆژنامەگەری کوردی لە دەڤەری سۆران | ١٦ | نیسانی ٢٠٠٠ | ٣ |
| سەدیق سەعید | ڕۆژنامەی کوردستان خالَێکی درەوشاوەی مێژوویە | ١٦ | نیسانی ٢٠٠٠ | ١٢ |
| نوری بێخالَی | (١٠٣) سالَ ڕۆژنامەگەریی مەنفا.. ئەشکەوت.. ئازادی | ٢٧ | نیسانی ٢٠٠١ | ٣ |

**ئەنجام:**

١. بلاَوکراوەی نەورۆز تا ڕادەیەکی باش گرنگی بە بابەتی مێژووی ناچەکە و کورد داوە.

٢. بلاَوکراوەی نەورۆز ڕۆلَی بینیووە لە تۆمارکردنی چەندین ڕووداوی مێژوویی قۆناغی پێش دەرچوونی و سالاَنی دەرچوونی.

٣. پەیام و ناوەڕۆکی بڵاوکراوەی نەورۆز لە خزمەتی دۆزی نەتەوەیی و پرسی نیشتمانی دابووە.

٤. نەورۆز بووەتە سەرچاوەیەکی بە بایەخی واقیعی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری ڕۆژگاری دەرچوونی، بۆیە دەکرێت وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی ناوچەکە، کەڵکی لێوەربگیرێت.

٥. بڵاوکراوەی نەورۆز دەرفەتی بۆ چەندین ئارەزوومەندی بواری ڕۆژنامەوانی دروستکردووە تاکو توانای خۆیان لە بواری نووسین و ڕۆژنامەوانی تاقیبکەنەوە.

٦. لە ڕووی نەخشەسازی و ناوەڕۆکەوە، بڵاوکراوەیەکی سادە و سەرەتایی بووە و زۆر بە کەمی ڕەچاوی بنەما پیشەییەکانی کاری ڕۆژنامەوانی کردووە.

٧. هەوڵیداوە لە پاڵ دەرخستنی توانا ئەدەبییە شاراوەکان، کە خۆی لە شیعر دەبینێتەوە، بابەتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستی و ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری گشتیش لە خۆی بگرێت.

**پەراوێزەکان**

[١] یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK لە ١٩٩٥/٣/٢١ لە دوای بەستنی یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی لە شارۆچکەی عەنکاوە لە هەولێر ڕاگەیەندرا، لەوساوە تا ئێستا لەلایەن غەفور مەخمووری سەرکردایەتی ئەو حزبە دەکرێت، خۆشیان بە پارتێکی نەتەوەیی کوردی دەزانن. بۆ زانیاری لە بارەی مێژووی (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان) بڕوانە: غەفور مەخمووری (٢٠٢٠) یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان یۆبیلی زیوین ١٩٩٥-٢٠٢٠، هەولێر.

[٢] زەورا: ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی فەرمی بوو، (میدحەت پاشـــا ١٨٦٩-١٨٧٢)ی والی بەغدا کاری بۆ دەرچواندنی کرد، یەکەمین ژمارەی لە ١٦ حوزەیرانی ١٨٦٩ گەیشتە دەستی خوێنەرانی و دواین ژمارەشی لە ١١ی ئاداری ١٩١٧ چاپکراوە. بۆ زانیاری لە بارەی ڕۆژنامەی زەورا بڕوانە: عبدالرزاق الحسني (١٩٥٧) تاريخ الصحافة العراقية، الجزء الأول، بغداد. ص٥٢.

(٣) ڕێککەوتننامەی واشنتۆن: لە ١٩٩٨/٩/١٧ بە چاودێری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ڕێککەوتنی ئاشتی دوای چوار ساڵ لە شەڕی چەکداری لە نێوان (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لە واشنتۆن واژووکرا. بۆ زانیاری لە بارەی ئەو ڕێککەوتنە و دەق و ماددەکانی بڕوانە: فاتح ڕەسوڵ (٢٠٠٧) *لە پێناو دەسەڵاتدا*، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ل٤٩٢-٥٢٦.

(٤) بۆ زانیاری لە بارەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە سەردەمی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕوانە: محەمەد خدر مەولود (١٩٩٩) *بزاڤی ڕۆژنامەگەریی حکوومەتەکانی کوردستان لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون*، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری.

(٥) مەهدی محەمەد ڕەسووڵ: بە ناوی خوازراو (بۆتان ڕواندزی) سەرپەرشتی بڵاوکراوەی نەورۆزی دەکرد، لە ساڵی ١٩٧٧ لە ڕواندز لە دایک بووە، کارگێڕی هەرێمی سۆرانی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانە. ئەندامی دەستەی کارگێڕی و بەرپرسی ڕاگەیاندنی (سەنتەری ڕۆشنبیری ڕواندز)ە، لە ڕۆژنامەکانی (میدیا، ڕووداو، برایەتی، کوردستانی نوێ، زاری کرمانجی) چەندین وتار و ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژی بڵاوکردۆتەوە، ئێستاش کارمەندی دەزگای زاری کرمانجییە بۆ ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری.

(٦) ئاکۆ محەمەد: ناوی تەواوی (عومران محەمەد عەلی)یە لە ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی گرانەی قەزای شەمزینانی باکوری کوردستان لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٩٥ پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێر تەواو دەکات، لە دەستەی دامەزرێنەرانی ناوەندی ڕۆشنبیریی سۆرانە، لە ساڵی ٢٠٠٠ دەبێتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (میدیا)، لە هەمان ساڵ دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری (سەرخۆبوون). لە ساڵی ٢٠٠٨ دەبێتە سەرنووسەری هەفتەنامەی (ڕووداو)، دوای ئەوەی تۆڕی میدیایی ڕووداو دادەمەزرێنێت، تاکو ئێستا وەکو بەڕێوەبەری گشتی ئەو دەزگایە لە کاردایە.

(٧) سەربەست مەحموود، ناوی تەواوی (سیروان مەحموود فەتاح)ە لە ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی مۆریاسی سەر بە قەزای شارباژێڕی پارێزگای سلێمانی لە دایک بووە. ساڵی ١٩٩٥ بڕوانامەی

بەکالۆریۆس لە بەشـــی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی ســـەلاحەددین بەدەســـتدەهێنێت. لە دووەمین کۆنگرەی YNDK کە لە ئایاری ١٩٩٦ لە شـــارۆچکەی شـــەقلاوە بەڕێوەچوو، بە ئەندامی کۆمیتەی ســـەرکردایەتی ئەو حزبە هەڵبژێردرا. ئێوارەی ٢٠٠٠/٥/٣١ تیرۆرکراوە. (بلاوکراوەی نەورۆز،"چەند سەرە قەڵەمێک لە ژیانی شەهید سەربەست مەحموود" (١٩، تەمموزی ٢٠٠٠) ل٢.

(٨) ولات ڕواندزی: ناوی تەواوی (عوســـمان حەمەد قادر)ە لە ســـاڵی ١٩٧٠ لە ڕواندز لە دایک بووە، یەکێکە لە کادیرەکانی YNDK، ئێســـتاش مامۆســـتایە لە ســـنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕواندز.

(٩) ئیبنو ئادەمی ڕوســـتایی: ناوی تەواوی (محەمەد کوڕی ئادەم کوڕی عەبدوڵلا)یە، لە ســـاڵی ١٧٤٧ لە گوندی ڕۆست لەدایکبووە. خوێندنی ئایینی لەلای باوکی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٨١٥ مســـتەفا بەگی باوکی پاشـــای گەورە بە هۆی شـــارەزایی و زانایی، دەیکات بە مامۆســـتای کوڕەکەی. ئیبنو ئادەم لە ســـاڵی ١٨٢١ کۆچی دوایی دەکات و لە گوندی دێڵژە بە خاک دەســـپێردرێت. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئیبنو ئادەم، بڕوانە: مەلود بێخاڵی و تاریق جامباز (٢٠٠٦) ڕەواندز شارەکەی پاشای گەورە، سلێمانی، ل٥٥.

(١٠) شاکر مەجروم: ناوی تەواوی (شاکر عەبدولعەزیز محەمەد عەبدولئەمیر)ە، لە ساڵی ١٨٩٤ لە ســـلێمانی لە دایکبووە. لە حکومەتی شـــێخ مەحموود بە پلەی مودیری پۆســـتە و تەلەگراف دادەمەزرێت، پاش تێکچوونی حکومەتەکەی شـــێخ مەحموود دەســـتگیر دەکرێت، بە بڕیاری دادوەر بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە ژێر چاودێری پۆلیس لە شاری بەغدا دەمێنێتەوە.

لە ســاڵی ١٩٣٠ دەگەڕێتەوە سلێمانی و پاش دامەزراندنی لە دامەزراوە میرییەکانی حکومەتی عێراق، وەکو دادنووس لە چەند شـــارۆچکەیەکی کوردســـتان کار دەکات، دواجار لە ڕواندز دەگیرســـێتەوە. لە ١٩٥٧/٩/١٤ کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕســـتانی گەردەگەرد بەخاک

دەستپێردرێت. بۆ زانیاری لە بارەی ژیان و تێکۆشانی (شاکر مەجروم) بڕوانە: ئومێد شێرکۆ شاکر مەجروم (٢٠٢١) *شاکر مەجروم جوامێرێک لە نیشتمانیپەروەری و نەبەزین*، هەولێر.

[١١] ژانر (genre): وشەیەکی فەڕەنسییە و لە بنەڕەتدا لە genus ی لاتینی وەرگیراوە، تێرمی ژانر لە زمانی کوردی لەگەڵ کردنەوەی بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی زیاتر بە ڕاگەیاندن بەستراوەیەوە. بۆ زانیاری بڕوانە: مەغدید سەپان (٢٠٠٠) تیۆری ڕۆژنامەنووسی، ستۆکهۆڵم.

[١٢] کاولۆک: گەڕەکێکە لە گەڕەکەکانی ڕواندز. کەوتووەتە سەر ڕێگای سەرەکی سۆران-ڕواندز و لەسەر ڕووباری ڕواندز، کە ئێستا دانیشتوانی سۆران پێی دەڵێن ڕووباری کاولۆکان.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێب:**

**(بە زمانی کوردی)**


- ئومێد شێرکۆ شاکر مەجروم (٢٠٢١) *شاکر مەجروم جوامێرێک لە نیشتمانیپەروەری و نەبەزین*، هەولێر.
- ئەحمەد حەمەدئەمین هۆمەر (٢٠٠٦) *ڕەواندز لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی-سیاسی (١٩١٨-١٩٣٩)*، سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان.
- ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا (٢٠١٨) *خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی باشوری کوردستان دژی حکومەتی عێراق ١٩٧٥-١٩٨٨*، بەرگی دووەم، سلێمانی.
- مەولود بێخاڵی و تاریق جامباز (٢٠٠٦) *ڕەواندز شارەکەی پاشای گەورە*، سلێمانی.
- مەهدی محەمەد، ڕۆژنامەنووس، دیمانەی تایبەتی توێژەران، ئابی ٢٠٢٣.

- مەغدید سەپان (٢٠٠٨) *ژانرەکانی رۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠-١٥٠٠*، دهۆک، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

- مەغدید سەپان (٢٠٠٠) تیۆری رۆژنامەنووسی، ستۆکهۆڵم.

- محەمەد خدر مەولود (١٩٩٩) *بزاڤی ڕۆژنامەگەریی حکوومەتەکانی کوردستان لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون*، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری.

- کەمال مەزهەر (٢٠٠١) *چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد*، بەرگی دووەم، ئا: عەبدوڵڵا زەنگەنە، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

- کوردستان موکریانی (٢٠١١) *سەرجەم بەرهەمی حوسێن حوزنی*، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

- کەمال مەزهەر ئەحمەد (٢٠٠٨) مێژوو، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی هێڤی.

- فاتح ڕەسوڵ (٢٠٠٧) *لە پێناو دەسەڵاتدا*، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

- غەفور مەخمووری (٢٠٢٠) *یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان یۆبیلی زیوین ١٩٩٥-٢٠٢٠*، هەولێر.

- عوسمان حەمەد قادر، مامۆستا، دیمانەی تایبەتی توێژەران، ئابی ٢٠٢٣.

- زرار محەمەد مستەفا (٢٠١٣) *مێژووی هونەر لە ڕواندزێ*، هەولێر.

- ڕەزا حاجی ئابادی (٢٠٠٥) *دەروازەی ڕۆژنامەنووسی*، وەرگێڕانی: کارزان محەمەد، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- داریوش ڕەحمانیان (٢٠١٦) *فەلسەفەی مێژوو*، وەرگێڕانی: جەلیلی موراڈی، المترجمون) سلێمانی.

-

**(بە زمانی عەرەبی):**

- يوهان فردريش (٢٠٠٤) تاريخ الكتابة، ترجمه: سليمان احمد الضاهر، دمشق، وزارة الثقافة.
- عبدالرزاق الحسنى (١٩٥٧) تاريخ الصحافة العراقية، الجزء الأول، بغداد.

**دووەم: ڕۆژنامە وبڵاوکراوە:**

**(بە زمانی کوردی)**

- بڵاوکراوەی نەورۆز ، ژمارەکانی (١، ١٩٩٨/١/٢٠. ٢، ١٩٩٨/١٢/١. ٣، ١٩٩٩. ٤، نیسانی ١٩٩٩. ٥، ئایاری ١٩٩٩. ٦ حوزەیرانی ١٩٩٩. ٧، تەمموزی ١٩٩٩. ٨، ئابی ١٩٩٩. ٩، ئەیلولی ١٩٩٩. ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٩٩. ١١، تشرینی دووەمی ١٩٩٩. ١٢، کانوونی دووەمی ٢٠٠٠. ١٣، کانوونی دووەمی ٢٠٠٠. ١٤، شوباتی ٢٠٠٠. ١٥، ئاداری ٢٠٠٠. ١٦، نیسانی ٢٠٠٠. ١٧، ئایاری ٢٠٠٠. ١٨، حوزەیرانی ٢٠٠٠. ١٩، تەمموزی ٢٠٠٠. ٢٠، ئابی ٢٠٠٠. ٢١، ئەیلولی ٢٠٠٠. ٢٢، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠. ٢٣، تشرینی دووەمی ٢٠٠٠. ٢٤، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠. ٢٥، کانوونی دووەمی ٢٠٠١. ٢٦، ئاداری ٢٠٠١. ٢٧، نیسانی ٢٠٠١. ٢٨، ئایاری ٢٠٠١).

**سێیەم: گۆڤار:**

**(بە زمانی کوردی)**

- محەمەد حاجی کەریم (پاییزی ٢٠١٣) قەڵا گۆڤاری سەروبەندی ڕاپەڕین ١٩٩٠-١٩٩١ ڕواندز، گۆڤاری *ڕۆژنامەنووس*، ژمارە ٣١.

**چوارەم: توێژینەوە:**

**(بە زمانی کوردی)**

- ئەحمەد حەمەدەمین ئۆمەر (٢٠٢٠) بایەخی نووسینەوەی مێژووی کورد لە ڕۆژنامەی هاوکاری دا (١٩٧٠-١٩٧٥)، *گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان*، بەرگی ٢٤، ژمارە ٥، ١٠٧-١٣٥.

- هۆشـــــەنگ ســــاڵح نەجاڕ (٢٠١٥) باری ڕۆشـــــنبیری و هونەری لە ڕواندز (١٩٢٣–١٩٧٠)دا لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، *گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان*، بەرگی ١٩ ژمارە ٤، ١٤٣–١٦٦.

- سیروان مەحمود ڕەشید (٢٠٢٢) *بزاڤی ڕۆشنبیریی لە سۆران (١٩٩١-٢٠٠٣)*، *نامەی* ماستەر، زانکۆی سۆران.

**(بە زمانی ئینگلیزی)**

- Denise Schmandt-Besserat, Michael Erard (2010) Origins and Forms of Writing. (online) Charles Bazerman. *How Writing Came About*. University of Texas Press. 7-22. Last Accessed 28 April 2023 at: https://urlis.net/z79nkkp8

**ملخص**

بما أن نشـــرة نوروز تملك كل خصـــائص المنشـــورات في مجال الصـــحافة، فإن البحث عن مســـتوى وأهمية هذه النشـــرة التي صـــدرت خلال الأعوام (١٩٩٨–٢٠٠١) في قضـــاء رواندز، سيساعد في كتابة تاريخ صحافة المنطقة وتدوين واقع تلك المرحلة في حياة قاطني رواندز.

في هذا السـياق، إلى جانب تقديم نبذة تاريخية عن الصـحافة في رواندز وتاريخ نشـرة نوروز وشـــكل ومحتوى النشـــرة والمقالات المتعلقة بأحداث المنطقة والمشـــاهير الكرد الذين لعبوا دورا على مختلف المستويات.

كما جرت محاولة لتقييم درجة الاهتمام الذي توليه النشرة للتاريخ الكردي والمنطقة.